دێرین

ژمارە (3) پێنجشەممە 2006/10/5

سەرپەرشتیاری لاپەڕە: محەمەد پاکژ

# گڕی نامۆیی

ڕەهبەری سەید ئیبراهیم

هۆڵەندا- 1997

دەژیم بەیادی ڕۆژگاری دێرین
خەباتی سەخت و یادگاری شیرین
هەرچەندە بەلەش لە هەندەرانم
بەڵام بەخەیاڵ لای برادەرانم
گیان و چاوم لەکوردستانە
دڵم ئاوێنەی خۆشەویستانە
بەیەکگرتویی و ئاشتی و برایەتی
دەگەڕێمەوە بۆ کوردایەتی
غەریبی دارو بەردو چیای دەکەم
حەز لە ماست و دۆ و عەسرەچای دەکەم
چای قۆریە ڕەشی شوانان بەپشکۆ
کەوچك چیلکەیە بەتام و خۆش بۆ
بەپانایی دەشت بەدەم زێو بنار
لێی دابەش بوویم هەوارو دەوار
نان و نمەکی خەڵکی دەشت و دێ
لەزگم ماوە لەقوڕگم دەردێ
لەشیرین خەوا بۆم ڕاپەڕیون
لەنیوە شەوا سەگ پێم وەڕیون
خزمەتیان کردووم چی خوا پێی دابێ
کەم لێفە هەیە پێمدا نەدرابێ
مزگەوت نیە لێی نەخەوتبم
کام هەوراز پێیدا سەرنەکەوتبم؟
ئارەقەم ڕشتووە ڕۆییوم بەپێ
بەبەرگی شڕی پڕکێچ و ئەسپێ
کوتاومەتەوە پێدەشت و نشێو
ڕك و بزنەڕێو گەوەو لوتکەی کێو

شەوەها لەشاخ ئەزیەتم دیوە
بەشەونخونی زگم گوشیوە
بەتەرزەو زریان لەقوڕ چەقیوم
سڕو تەزیوم چەق چەق لەرزیوم
بەیادی شەوی گورگ و پێشمەرگە
بەسەرماو بەفر کەدەمگرت بەرگە
لەژێر سێبەری هەلیکۆپتەردا
پێڵاوم دراند شەقم لەبەردا
بست بست گەڕاوم گەرمیان و کوێستان
لەشاخ ژیاوم دور لەشارستان
خۆشاوی ژیانم ڕۆیی لەشاخی
پێشمەرگەی کورد بووم نەك شێت و یاخی
لەگەروی شەڕبووم لەگوندو چیادا
لەناو دوکەڵی تۆپ و کیمیادا
لەناو سەنگەری بەفرو بەردو دار
ئەرك و ئازاری شەهید و بریندار
بابم و خوشك و داك هەر سەرگەردان بوون
شارەزای شاخ و کونجی زیندان بوون
بەکوێرەوەری لەچیاو چۆڵ و دەشت
بێبەش لەخۆشی دەردەسەریم چەشت
نەخش و نیشانەی گوللەو ساچمە
ژان و برینی پشت و قاچمە
شانم جێ شوێنی شەیالە و قایش
سەرم پێ بەرزە و تاجی ستایش
چەك و خەباتم شەهادەو شەرەف
گڕی ڕابردووم بەکێ دەکرێ خەف؟

# چۆن پێشمەرگە دروست بوو؟

م. عوسمان حەمە لەك

سەدەی نۆزدە بە سەدەی دروستبوون و گەشەکردنی وولاتان لەسەر بنەمای ناسیۆنالستی دادەنرێت، کورد وەك گەورەترین نەتەوە و نەتەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بێ دەوڵەت ماوەتەوە، ئەوانەی هەستی نەتەوەییان بەهێز بوو، رازی نەبوون بە کەمتر لە نەتەوەی بالا دەست مامەڵە بکرێن بەبێ ناساندنی ناسنامەی نەتەوەییان سەرەتا چەکدارە یاخی بووە کان لەلای خودی کورد بەچەتە ناودەبرا، بەلام لەبەرانبەر رەوتی مێژوو پێشکەوتنی رۆشنبیری لەلای دلسۆزانی نەتەوە، پێشمەرگەو شۆرش بوون بەناسنامەی ئەوانەی هەوڵ و چالاکیان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد ئەنجام دەدا، کەوابوو لەسەدەی نۆزدە بەدواوە گەر کورد هاوشانی گەلانی ناوچەکە مافی نەتەوەیی بەدەستبهێنایە ئەوا وشەی پێشمەرگە لای خودی کوردیش هاوتای ئەو گەلانەی دورو هاوسنور نین لەگەڵ کوردا نامۆ دەبوو.

کەوابوو پێشمەرگە دروستکەری ئەو هێزە نامرۆڤ دۆستانە بوو کەنەتەوەی کوردی کەمتر دەبینی لەبەرانبەر نەتەوەکانی دیکەدا، نەك خواست و هیوای گەلێك کەتەنهاو تەنها بۆ خۆدەبرین و ناولێنانێك، نەوەکانی بکاتە قۆچی قوربانی، لەو رۆژەوەی وشەی پێشمەرگە لەلای ئەم نەوەیە بۆتە وێردی سەرزوبانی جوانی خۆشویستنەکەی ئەو ئاواتە بووە کە ئەم مرۆڤە خۆنەویستانە پەیامنێری دەسکەوتە نەتەوەییەکان بن بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی هاولاتیانەی زیاتر لەوەی لەلایەن دوژمنانەوە بە کورد زمان درابوو.

لێرەدا ئەوەی پرسیارە، ئاخۆ پێشمەرگەی مافی نەتەوەیمان بەس نیە، بۆ دابین کردنی سەرجەم مافەکانمان، یاخود بۆ مافەکانی هاولاتی و یاساو خۆشگوزەرانی زانست و داهێنان و پێشکەوتن پێویست ئەکات، هەریەکەو پێشمەرگەی گیانبەخشی خۆی هەبێت، گەرواش بوو پێشمەرگەی مافی نەتەوەییمان دوای ئەو هەموو خەبات و قوربانیدان و خۆبەخت کردنە نەتەوەییە، ئەبێ چ دوارۆژێکی لێ چاوەڕوان بکرێت.

فێنکەباس

کاکە عەبە

## وایان بۆگێڕامەوە

گوایە لەیەکێك لەگوندەکانی دۆڵی خانەقا، پیاوێکی تەمەن بەساڵاچووی زمان لاڵ و پت هەبوو، بەئاسانی نەیدەتوانی رستەیەکی موفید بەرگوێی میوانەکانی بدات، گوێ بیست رۆحی دەردەچوو تا لێی حاڵی دەبوو، هەر لەو سەردەمانەدا بوو کۆمەڵێك لەپێشمەرگەکانی سلێمانی دەچنە ئەوگوندە وەك عادەتی پێشمەرگایەتیی دوو..دوو..سێ..سێ، بۆنان خواردن دابەشی سەر ماڵەکان دەبن بەرێکەوت دوو پێشمەرگە دەچنە ماڵی ئەو خانەوادە پیرە زمان لاڵ و پتە، خانەخوێ لەیەکێکیان دەپرسێ و دەفەرمووێ: لەجیاتی بڵا کورم بەخێر بێن، بەو زمانە لاڵەی خۆی دەڵا:

کو..کو..کورم..بە..بە..بەخ..خ..خ..خیر. خێربێن.. ئێو.. ئێوە.. وان.. وان.. نێکن (مەبەستی ئەوە بوو کەپێشمەرگەن).. سەر.. سەرچا.. سەرچاوم.. ئێر. ئێرە.. ما..ما.. لی.. ماڵی خۆتانە..

مامە پیرە پاڵتۆیەکی قەدیمەی قۆپچەکانی گەورە دەبن و بەشان و پیلی خۆ داداوە. یەکێك لەو دوو پێشمەرگەیە ئەهلی زەوق و فشقیات وقۆشمەچی و قاشقونجی دەبێت، بۆهەوەس دەستی بۆیەکێك لەو قۆپچە گەورانەی پاڵتۆی مامە پیرە دەبات و وەك قوڵیمی(مەوج)ی رادیۆ راست و چەپی پێدەکات، کابرای مامە پیرەش دەفەرمووێ:

کو.. ککو.. کوورە.. کورەکە.. م.. م.. ئە.. ئەو.. ئەوە.. بۆ.. بۆووا.. بۆوا دەکەیت..

پێشمەرگە گاڵتەبازەکەش، بەسوعبەت دەڵێ: خا.. خا.. خاخ.. خخا..ا..ا.. خاڵە.. شەپۆلی دەنگەکان.. هانی.. هانی.. لەسەرە، دەمەوێ صافی بکەم، تاکو لێت حاڵی بم، چ دەڵێیت.

مامە پیرەش شێت و هار دەبێت، بەدەنگە لاڵ و پتەکەی دەڵێت.. هە.. هەی.. سە,, سەگ.. سەگی.. سەگ.. ب.ب. با.. باب.. قە.. قەش.. قەششمە.. قەشمەری.. دەکەیت..

هەر لەو رۆژەوە ئەم مامە پیرە رقی لەهەرچی ناوێك بوو کە پیتی (س)ی پێوە بایە، وەك (سنە، سابلاخ، سلێمانی.. سەمەنی..هتد).

## پشوویەك

رزگار سیان

چەند خۆش بوو ئەو رۆژانەی سەردەمانی شاخ، پێشمەرگەو کادیر و سەرکردە لەسەر سفرەی نان خواردنا بوون، ئەو رۆژانەی لەگەڵ خەڵکی شارولادێ، لەیەك کاتدا ئاهەنگی بیرەوەریەکانمان دەگێرا، چەند ساتێکی خۆش بوو بەر بارەگاو چرپە چرپێ، دووبەدوو.

لە ژێر هەیوانی ماڵە گوندنشینەکان، کەرت و تیپەکان پێبەپێ یاخود بەسەیارە سەربراوەکان، دەگەیشتنە ناو دێ.. خەڵك چاوەڕێی هەواڵی گرنگ بوون، سیخورێ یان دەست کەوتێ لە گەرانەوە ..بیرتان نەچێ بە تاقم و تفەنگی کۆئەبوینەوە، لە پێش مزگەوتێ هەر ئەو ئێوارەیە بە ماڵاندا، دابەش ئەبوین، بیرمان نەچێ نامە بچوککراوەکان لە شارەوە دەهات، شۆفێرەکانی گوندەکان بوون.. کورە هەژارو جوتیارەکان بوون، رێگەی سەخت و ها دەگیرێ یا دەردەچێ، بیری هەر لەلای نامەکەو ئاگای هەر لە خۆی نەبوو دەگەیشتنە جێ.

رێگەی بێ برانەوەو هەوراز و نشێو، شەوی ئەنگوستە چاوو لێدانی مۆڵگەکانی دوژمن، لەو کاتەدا بۆ پێشمەرگە وەك شەوانی ئاهەنگی سەری ساڵ بوو، ئای دەسەلات راناوەستی ئاورێك لە دواوەی، ئەم هەموو رابردووە سەختەی خۆت بدەیت ..کوردو شۆرش و پێشمەرگە لە ناو هەناوی دەسەلاتی تۆدا، وەك هەوجار دەشێلدرێ، گوندەکانم وەکو جاران قوراوینەو پێشمەرگەی دوێنێش خەریکە لە بیر بچێ، هەمووی پەرش و بلاوو بێ ناز کەوتوون، بارەگاشیان لە هی دەسەلاتی تۆ ناچێ.. تۆ گەورەبووی ئێمەش بچووك بوینەوە، بەلام لە ئاست ئەمرۆدا گەورەین و(مەشخەلانیش)، ئەلێینەوە ...

# تەندور-ە کەی غەریب هەڵەدنی، حیکایەتی ژیانی نێو تاشە بەردەکان

دیدەم

رەنگە لەیەکەم تێروانینی ئەم وێنەیە شتێکی ئەوتۆ لای بینەر دروست نەبێت کە شایانی لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوون بێت، بەڵام کاتێك گوێبیستی چیرۆکی ژیانی کۆمەڵێك هەلۆ لەم شوێنە دەبێت، ئەوسا دەردەکەوێ کە ئەم شوێنەوارە چەند پیرۆزە، و هاوکات بەڵگەیەکی تری مێژووی خەباتی سەختی ئێمەیە.!

ئەم بەرمیلە ژەنگگرتووە، تەنوری نانبرژاندنی پارتیزانەکانی رەتلی سورداشە کەلە ساڵانی دوای ئەنفال تا ڕاپەڕین ببوە ڕێستورانت و ڤێللای حەوانەوەی غەریب هەڵەدنی و هاورێکانی.

شوێنەکە زۆر سەختەو کەوتۆتە خوار تاتەلوسی چیای پیرەمەگرون، بەشێوەیەکی گونجاوو رەچاوکردنی ئەگەری ئاشکرابوون لەلایەن دوژمنەوە، تەنورەکەیان لەنێوان دوو تاشەبەردی گەورەی وەك بەربەستی بلاونەبونەوەی ئاگرو دوکەڵ جێگیر کردووە، کە ئەمەش بۆخۆی نیشانەی پڕ ئەزموونی و کارامەیی شەهید هەڵەدنییە لەقۆناغی کاری نهێنی دا.

شەهید غەریب کەسایەتییەکی هەمە چەشنی هەبو، هاورێ و نزیکەکانی ئاماژە بەوە دەکەن لەهەموو بوارێکی پەیوەندیدار بەژیانی مرۆڤەکانەوە شارەزایی هەبووە: لە شوانی و رەزەوانی، لە هەڵسوکەوت و رەفتاردا، لە پێشمەرگایەتی و کاری سیاسی و پاشانیش ناسینەوەو پاراستنی شوینەوارە دێرینەکان، وەك ئەو بەردە گران بەهایەی کە چەند ساڵ پاراستی،و لەوپەڕی دەست کورتی و نەداریدا نەیفرۆشت؟ تا لەدواجاردا بەخشییە مۆزەخانەی سلێمانی.

بۆیە کاتێك لەو شاخە هەڵدێرو چۆڵەوانیەدا ئە رکی فەرماندەییکردنی پۆلێك پارتیزانی دەکەوێتە ئەستۆ، پەی بەگرنگی بوونی تەنورێك - وەك هێمای ژیان دەبات و ناراستەوخۆ ورە دەداتە کەسانی دەوروبەری.

ماوەتەوە بڵێم: وەك هەموو ئەو کەسانەی چووبونە شوێنەکەو باسیان لێوە دەکرد، منیش سەردانم کردو، پێم باش بوو یادگاری تەنورەکەی غەریب هەڵەدنی بەخوێنەران ئاشنا بکەم.



# پیرۆزییەکانی ڕۆژانی سەختی پێشمەرگە...

محمد شاعیر / گەرمیان

لەسەردەمانێك تۆ ژیانتکردە قوربانی ئەو خاکە پیرۆزیی.. تەنها بە دڵۆپە خوێنە سوروگەشەکانی ئێوە نەبێ .. هەرگیز... قەت قەت تینویەتی ناشکێ.. بەڵا... ئەو خاکەی .. کە بەدەست دوژمنانیەوە بوو بەچوار پارچە .. چوارپەرچەکەی کوردستانم..هەردەم رێگا نادا.. دوژمنانی میللەتی کورد بەسەریەوە بژین..

(زەمەنێك)ە مێژووی داستانی پێشمەرگە.. پڕخەبات و پڕ سەروەری .. وەك ئەستێرەیەکی گەشی زۆر پیرۆزی.. پیرۆزتر لە گۆشی دایکێك بۆ رۆڵەکەی .. پیرۆزتر لە خەباتی قوربانیدا.. دەبێ چی بێ .. پیرۆزتر ئەی پێشمەرگە لەو دلۆپە خوێنە گەشانەی .. دلۆپ .. دلۆپ دەرژایەسەر شاخ و چیاو گوندو دۆڵ و کێوو هەورازە هەزار بە هەزارەکان و کانیاوەکانی قەدپاڵی چیا سەرکەشەکانی کوردستان دەبێ چی بێ؟ تۆ پیرۆز بووی چونکە سەخترین رۆژگاری ژیانت هەڵبژارد بۆ دووا رۆژی نەوەکانی ئەم کوردستانە ... تۆ پیرۆزبووی سنگت دەکردە قەڵغان بۆ خاك ... بۆ گەل .. بۆ نیشتمان... لەرۆگارێك ئێوە مۆم و چرای رۆشنایی.. شەوانی تاریکی ئەم کوردستانە بوون.. لەرۆژگارێك ئێوە چە غماغەو بلێسە و گرپەی ئەم شۆڕشە مەزن و پیرۆزە بوون..ز بەلێ .. ئەم شۆڕشە بەئێوەوە مەزن و پیرۆز بوو.. ئەم کوردستانە دلگیرە تەنها بە ئێوەوە زۆر پیرۆزە.. ئەی پێشمەرگە.. رۆژگارێك بوو پۆل پۆل یەك لەدوای یەك بەرەزن و تاقم و تفەنگ و رادیۆ بچوکەکەی بەشانتانەوە کە تەنها هەندێ نانە رەق و یان پاکەتە جگەرەیەك و شانەو ئاوێنەیەك زیاتر هیچیکەی تیانەبوو، بەدوای یەکەوە بەو هەورازو قەدپاڵەی چیای حەسارۆست و قەندیل وپیرەمەگرون و سەرتەکەی بەمۆ هەڵدەگەران و ووچان و حەسانەوەو ماندوبونتان بۆ نەبوو... ئەم دێی و ئەو دێی و لەمك کەمین دەربازدەبوون و دەچوون بۆ ئەو رەبیەو رۆژلەدوای رۆژ چالاکیەکانی پێشمەرگە بەدەنگە زولالەکەی (فەرهاد سەنگاوی) کە زەمینی دەهێناوە لەرزین، بەدەست و بازووی ئێوە.. بەشەوو رۆژ دەستان دەهات و سەنگەری خەباتتان چۆڵ نەدەکرد.

دلۆپەی خوێنی سورتان دەرژانە سەرئەم خاکە پیرۆزەی کوردستان و هەرگیز کۆڵتان نەئەداو تا بێ لەگەشەکردندا بوون و شۆڕشە پیرۆزەکەی ئێوە کە شۆڕشی ششەهید و پێشمەرگەی خاکی کوردستان ئەم رۆژە مەزن و پیرۆزەی بۆ نەوەکانی ئێمە هێنایە کایەوە.. دەبا نەوەکانی ئەم کوردستانە.. بەئەمانەتەوە دەس بەدەس .. ئەم مێژووەی مێژووی (پیرۆزیەکانی رۆژانی سەختی پێشمەرگە) بۆ نەوەکانیان بنوسنەوەو وەکو خۆی (بەرزو پیرۆز رابگرن) .

سەردەمانێك پێشمەرگە بریندارەکانمان لە زیندانەکانی بەعسا سرودی (ئەی رەقیب )یان دەوتەوە و سەرکردەکانمان لە زیندانەکانی بەعسا کاتی دەچوون بۆ بەردەم پەتی سێدارەوە، بەدڵێکی گەشەوە، دروشمی(کەم بژی و کەڵ بژی) یان دەگووت، دەگمەنن ئەو پاڵەوانانەی ئەو سەردەمە کەلەو رۆژەدا و لە بەرامبەر پەتی سێدارە.. ئەو دروشمە بەرزدەکەینەوە.. ئەمەش گەورەترین سەروەریە.. لە مێژووی ( پیرۆزیەکانی رۆژانی سەختی پێشمەرگە) .

بەلێ پێشمەرگە .. تۆ بلندی بەقەد بالای پیرەمەگرون و قەندیل.. تۆ سەربەرزی بەقەد لووتکەی چیا سەربەرزکانی کوردستان.. تۆ پیرۆزی .. زۆر پیرۆزی بەقەد خاك و خۆڵی ئەم نیشتمانە پیرۆزی.. بەقەد مەزنی و گەورەیی کوردستان.. تۆ پیرۆزی ئەی پێشمەرگە ..تۆ پیرۆزی.

کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت: هەردی ئەنوەر- تریفە محەمەد

دیزاین: عومەر حسێن

E:mail-peshmargaydерin@yahoo.com

هاوکاران: رەهبەری سەید برایم-گۆران جەلال- عەقید باپیر محەمەد-فریاد هیرانی-ئازاد سەراویی-هاوڕێ بەکر-مامۆستا کاوە داسنی-فەرهاد مەلا حەسەن-ئاریان محەمەد-مەریوان عەلی

ناونیشان: سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری تازە- شەقامی شەست مەتری- دوکانە مۆرەکان

ژمارەی تەلەفۆن: 3184295 - 07701529093 - 07301112612